# رَبِّ اغْفِرْ لِي خَطِيئَتِي وَجَهْلِي، وَإِسْرَافِي فِي أَمْرِي كُلِّهِ، وَمَا أَنْتَ أَعْلَمُ بِهِ مِنِّي، اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي خَطَايَايَ، وَعَمْدِي وَجَهْلِي وَهَزْلِي، وَكُلُّ ذَلِكَ عِنْدِي

له ئەبی موسای ئەشعەرییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ئەم نزایەی دەکرد: «رَبِّ اغْفِرْ لِي خَطِيئَتِي وَجَهْلِي، وَإِسْرَافِي فِي أَمْرِي كُلِّهِ، وَمَا أَنْتَ أَعْلَمُ بِهِ مِنِّي، اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي خَطَايَايَ، وَعَمْدِي وَجَهْلِي وَهَزْلِي، وَكُلُّ ذَلِكَ عِنْدِي، اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي مَا قَدَّمْتُ وَمَا أَخَّرْتُ، وَمَا أَسْرَرْتُ وَمَا أَعْلَنْتُ، أَنْتَ الْمُقَدِّمُ وَأَنْتَ الْمُؤَخِّرُ، وَأَنْتَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ»، واتە: «خودایە لە تاوان وهەڵە ونەفامیەکانم خۆش بە، ولە زیادەڕەوی کردن لەسەر نەفسی خۆم خۆش بە، ولە هەرشتێک کە تۆ زاناتری سەبارەتی زیاتر لە من، خودایە لەو تاوانانەم خۆش بە کە بە ئەنقەست یان بە نەفامی یان بە گاڵتەوە کردوومە، ولە هەڵە وتاوانە ئەنقستەکانم خۆش بە، وهەموو ئەم تاوانانەم کردووە، خودایە لە تاوانەکانی پێشوو ودواترم خۆش بە، و لەو تاوانانەم خۆش بە کە بەنهێنی یان ئاشکرا کردوومە، یان هەر تاوانێک کە تۆ زاناتری سەبارەتی، تۆ بەندەکانت سەردەخەیت وسەرفرازیان دەکەیت، وتۆ بەندەکانت پاش دەخەیت بۆیە دوڕاو دەبن، وتەنها تۆ دەسەڵاتت هەیە بەسەر هەموو شتێکدا».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

یەکێك لە نزا گشتگیرەکانی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-؛ ئەم نزایەیە: (بِّ اغْفِرْ لِي خَطِيئَتِي:خودایە لە تاوان وهەڵەم خۆش بە)؛ واتا لە گوناهەکانم خۆش بە، (وَجَهْلِي: ولە نەفامیەکانم خۆش بە)؛ ئەو قسە وکردەوانەی کردوومە بە نەزانین وبێ زانست. (وَإِسْرَافِي فِي أَمْرِي كُلِّهِ:ولە زیادەڕەوی کردن لەسەر نەفسی خۆم خۆش بە)؛ واتا لە کەمتەرخەمی وتێپەڕاندنی سنوورەکان. (وَمَا أَنْتَ أَعْلَمُ بِهِ مِنِّي:ولە هەرشتێک کە تۆ زاناتری سەبارەتی زیاتر لە من)؛ تۆ زانیوتە ئەی الله ومن لەبیرم چووە. (اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي خَطَايَايَ، وَعَمْدِي:خودایە لەو تاوانانەم خۆش بە کە بە ئەنقەست یان بە نەفامی کردوومە)؛ لێم خۆش بە لەو گوناهـ وتاوانانەی بە ئەنقەست وبە زانینەوە کردوومە. (وَجدي وَهَزْلِي:بە جدی یان بە گاڵتەوە کردوومە)؛ لەو گوناهانەم خۆش بە کە بە گاڵتەوە کردوومە، لە هەموو گوناهێکم خۆش بە کە لە هەردوو حاڵەتەکەدا کردوومە. (وَكُلُّ ذَلِكَ عِنْدِي:وهەموو ئەم تاوانانەم کردووە)؛ هەموو تاوان وکەموکورتیەکانم باسکرد. (اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي مَا قَدَّمْتُ:خودایە لە گوناهەکانی پێشووم)؛ لە گوناهەکانی ڕابردوو، (وَمَا أَخَّرْتُ:ولە گوناهەکانی دواترم)؛ واتا لە گوناهەکانی داهاتوو. (وَمَا أَسْرَرْتُ:و لەو تاوانانەم خۆش بە کە بەنهێنی)؛ واتا بە شاراوەیی تووشی بووم، (وَمَا أَعْلَنْتُ:یان ئاشکرا کردوومە)؛ واتا لەبەرچاو خەڵکی. (أَنْتَ الْمُقَدِّمُ وَأَنْتَ الْمُؤَخِّرُ:تۆ بەندەکانت سەردەخەیت وسەرفرازیان دەکەیت، وتۆ بەندەکانت پاش دەخەیت بۆیە دوڕاو دەبن)؛ هەرکەسێك لە خوڵقێنراوەکانت تۆ ویستت لەسەر بێت نزیکی دەکەیتەوە لە ئەو شتەی پێی ڕازیت بە ڕەحمەتت وهیدایەت وڕێنموێنی خۆت، وئەوەی تۆ بتەوێت دوای دەخەیت بەهۆی وازهێنانت لێی، بۆیە هیچ یەکێك ناتوانێت کەسێك یان شتێك پێش بخات ئەگەر تۆ دوای بخەیت، وئەوەی تۆ دوای بخەیت هیچ یەکێك ناتوانێت پێشی بخات. (وَأَنْتَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ:وتەنها تۆ دەسەڵاتت هەیە بەسەر هەموو شتێکدا)؛ خاوەنی توانا وخواستی تەواوی، وئەوەی بتەوێت جێبەجێی دەکەیت.

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee